Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبی
# کاریگەری و دەرهاویشتەکانی

**ئامادەکردن لە لایەن:**

د. ئاکۆ حەمە کەریم

**٢٠٢٥**

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی

## پوختە:


هەرچەندە لە سەرەتادا حەشدی شەعبی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی داعش و بە فەتوایەکی  ئایەتوڵڵا سەید عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعە دروستبوو، بەڵام لە ئێستادا بۆتە هێزێکی گەورە و کاریگەر لە عێراقدا. هاوتەریب و لەپاڵ بوونی سوپا، پۆلیس و هێزە چەکدارە فەرمییەکانی عێراق، حەشدی شەعبی بۆتە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ (لە واقعدا نەک بە یاسا) و ئامرازێکی سەربازی، سیاسی و ئابووری گرنگە بۆ گروپە شیعەکان.

پرۆژە یاسای ڕێکخستنەوەی حەشدی شەعبی (کە لە ئێستادا هەڵپەسێردراوە) هەوڵێکی هێزە شیعەکانە بۆ بە هەمیشەیی و بەفەرمیکردنی حەشد لەپاڵ هێزە چەکدارەکانی عێراقدا، ئەمەش ناکۆکی و ململانێی قووڵی بەدوای خۆیدا هێناوە. لەسەر ئاستی ناوخۆ پێکهاتەی کورد و سوننە و تەنانەت بەشێک لە شیعە دژی ئەم پڕۆژە یاسایەن و بە هەڕەشەی دەزانن لەسەر ئارامی و سەقامگیری عێراق، لەسەر ئاستی دەرەکیش ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی پڕۆژەکەن و داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشد دەکەن.

لەم پەیپەرە شیکارییەدا، هەوڵی شرۆڤە کردن بۆ پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبی، ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ئەو هێزانە لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێت.


## یەکەم/ هێزێکی مەزهەبی ئایدیۆلۆژی

حەشدی شەعبی لای شیعەکان تەنها هێزێکی سەربازیی نییە کە لە هەڕەشەی لەناکاوی داعش ڕزگاری کردوون، بەڵکو ئامرازێکی پێویست و گرنگە بۆ مانەوە و باڵا دەستی پێکهاتەی شیعە بە گشتی لە ناوچەکە و بەتایبەتیش لە عێراق. حەشدی شەعبی لەلای ژمارەیەکی زۆر لە شیعە ڕەهەندێکی ئاینی پیرۆزی هەیە و وەک درێژکراوەی چەمکی (بەرگریکردن لە میللەت و پیرۆزییەکانی) سەیر دەکرێن، کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە فیقهی شیعەدا هەیە وەکو چەمکەکانی (جیهادی کفائی ویلایەتی فەقی).

ئایەتوڵڵا سەید عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان لە ٢٠١٤ بە فەتوای (جیهادی کفائی) داوای لە خەڵک کرد چەک هەڵگرن و ڕووبەڕووی داعش ببنەوە و لەمەشەوە هێزەکانی حەشدی شەعبی دروستبوون [١]. جیهادی کفائی لە مەزهەبی شیعەدا واجب و ئەرکە پێویستە لەسەر موسوڵمانان ئەنجامی بدەن ئەگەر دوژمن هێرشی کرد. لە هزر و گوتاری بەشێک لە شیعەکان بەتایبەتیش پیاوانی ئاینی، حەشدی شەعبی سمبولی بەرەنگاربوونەوەی ستەمکار و پاراستنی چەوساوەکانە، بگرە قەڵغانی بەرگریکردنە لە عەتەباتە پیرۆزەکان لە نەجەف،کەربەلا و کازمییە، تەنانەت لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە دەرەوەی عێراق وەک لە سوریا و ئێران.

ئاشکرایە فەتواکەی سیستانی بەڕوونی داوا لە هاوڵاتیانی عێراق دەکات بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بچنە ناو هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، واتە داوای دروستکردنی هێزێکی تایبەت بە شیعە و بەشێوەی بەردەوامی نەکردوە، بەڵام بەشێک لەسەرکردە شیعەکان ئەم فەتوایەیان قۆستەوە بۆ دروستکردنی ئەو هێزانە و پاشانیش بەهەمیشەیی کردنی.

[١] إستفتاء حول استمرار فتوى الدفاع الكفائي إلى حين الانتصار التام على الإرهابيين، موقع مكتب سماحة السيد السيستاني: https://www.sistani.org/arabic/archive/25582/

## دووەم/ ژمارە و قەبارەی حەشدی شەعبی


ئەندامانی حەشدی شەعبی بەشێوەیەکی بەرچاو و ساڵانە زیاد دەکات، سەرەتای دروست بوونیان ٦٠ بۆ ٧٠ هەزار چەکدار بوون، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیان دەگاتە ٢٣٨ هەزار کەس، ئەم ژمارەیەش (١٦.٥%)ی گشتی هێزە ئەمنی و چەکدارەکانی عێراق پێکدەهێنێت. پێکهاتەی شیعە ٨٥%ی ئەندامانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ١٥%ی پێکهاتەی سوننە، کوردانی ئێزیدی و کلدان پێکیدەهێنن[٢].

ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە ژمارەی هێزی پێشمەرگە دوو هێندەن و هاوشانی سوپای عێراق، نوێترین چەک و جبەخانەیان هەیە و مووچەی چەکدارەکانیشیان هاوشانی سەربازی عێراقییە.

حەشدی شەعبی لە ٧٠ لیوا پێکدێت، بەشێک لەوانە: ڕێکخراوی بەدر (١٥) لیوا، حزبی دەعوە (٤) لیوا، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی (٤) لیوا، ڕەوتی سەدر (٥) لیوا، کەتائیبی حزبوڵا (٥) لیوا، عەسائیب ئەهلی حق (٣) لیوا، حەشدی عەتەبات (٤) لیوا، مقاوەمەی ئیسلامی (٨) لیوا، بابلیۆن (١) لیوا، دەشتی نەینەوا (١) لیوا، فەزیلەی ئیسلامی (١) لیوا و حەشدی عەشایەر (١٣) لیوا.


[٢] من الفصائل إلى الألوية.. الحشد الشعبي واستراتيجيات القيادة والتنظيم، موقع الساعة، ٢٠٢٤/١٢/١٢. https://alssaa.com

### وێنەی ژمارە ١
### ناو و ڕێژەی لیواکانی ناو هێزەکانی حەشدی شەعبی



**وێنەی ژمارە ٢**

**ڕێژەی هێزە سەربازییەکانی ناو عێراق**




## سێهەم/ پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبی

دوای پێکهێنانی، حەشدی شەعبی بەپێی یاسای ژمارە (٤٠) هێزێکی فەرمییە و لە پەرلەمان یاساکە لە ٢٠١٦/١١/٢٦ دەنگی لەسەر درا، بەپێی یاساکە حەشدی شەعبی بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق[٣].

سەرەڕای بوونی ئەم یاسایە، پڕۆژە یاسایەکی نوێ بۆ ڕێکخستنی حەشدی شەعبی (لەلایەن بەشێک لە هێزە شیعەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی) ئامادەکرا و خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە و بەهۆی بایکۆتی کورد و سوننە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نەتوانراوە پەسەندبکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان لەژێر فشاری ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوادا پڕۆژەکە هەڵپەسێردرا بۆ کاتێکی نادیار.

چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوودا و لە دۆخێکی گونجاودا کە فشارەکان کاڵببنەوە جارێکی تر پڕۆژە یاسای ڕێکخستنی حەشدی شەعبی بێتەوە بەرباس و بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە.

ئامانج لەم پڕۆژەیە گۆڕینی حەشدی شەعبییە بۆ دامەزراوەیەکی فەرمی و هەمیشەیی لە پاڵ سوپای عێراقدا، بەپێی پڕۆژەکە حەشد [٤] بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە سەرۆک وەزیرانەوە دەبەسترێت و سەرۆکی دەستەکە پلەی وەزیر وەردەگرێت، واتە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی بەرگری عێراقدا نابێت. ئەکادیمیای سەربازی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆ پەروەردەکردنی ئەفسەرانی حەشد، هەروەها پڕۆژەکە دەسەڵاتێکی فراوانی ئەمنی، هەواڵگری و خزمەتگوزاری بە حەشد دەدات، کە دەیکاتە سوپایەکی هاوتەریب بە سوپای عێراق.

دیارترین مەترسییەکانی پڕۆژەکە بریتییە لە لاوازکردنی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ، دروستکردنی دوو سەرکردایەتی سەربازی، بەهەمیشەیی کردنی هێزێکی سەربازی ئایدیۆلۆژی و بوونی دەسەڵات و نفوزی سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتیی زۆر لە کۆمەڵگادا. پڕۆژە یاساکە لەرووی ئابوورییەوە سەربەخۆیان دەکات هاوشێوەی سوپای پاسداران لە بازرگانی کردن، لە پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبی باسی دروستکردنی کۆمپانیای موهەندیسی کردراوە بۆ مقاولات هاوشێوەی سوپای پاسداران.

ئامانج لەم پڕۆژەیە گۆڕینی حەشدی شەعبییە بۆ دامەزراوەیەکی سەربەخۆی فەرمی و هەمیشەیی لە پاڵ سوپای عێراقدا، بەپێی پڕۆژەکە (پێشتریش بەپێی یاسای دەستەی حەشدی شەعبی ژمارە ٤٠ ساڵی ٢٠١٦ بڕگەی (١) کە لە پەرلەمان دەرچووە حەشدی شەعبی بەستراوەتەوە بەسەرۆك وەزیرانەوە) حەشد بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە سەرۆک وەزیرانەوە دەبەسترێت و سەرۆکی دەستەکە پلەی وەزیر وەردەگرێت واتە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی بەرگری عێراقدا نابێت. ئەکادیمیای سەربازی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆ پەروەردەکردنی ئەفسەرانی حەشد، ئەندامانی ئەو دەستەیە کە پڕۆژەیاساکە بە "موجاهید" ناویان دەبات، بە نوێترین تەکنەلۆژیای سەربازی پڕچەک دەکرێن هەروەها پڕۆژەکە دەسەڵاتێکی فراوانی ئەمنی، هەواڵگری و خزمەتگوزاری بە حەشد دەدات کە دەیکاتە سوپایەکی هاوتەریب بە سوپای عێراق.

ئەو پێکهاتانەی سەر بە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبین ١٦ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتین، لەوانە سەرۆکایەتیی گشتی ئەرکان، ئەمینداریێتی گشتی، فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی، کۆمپانیای موهەندیس بۆ بەڵێندەرایەتی.

لێکچوونێکی زۆر دەبینرێت لە نێوان ڕۆڵ و پێگەی حەشدی شەعبی (پێشنیازکراو لە پڕۆژە یاساکە) و لەگەڵ ڕۆڵ و پێگەی سوپای پاسدارانی ئێران دا، کە بەچەند خاڵێک کورتی دەکەینەوە:

١. بەستنەوەی ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتی باڵاوە: هەروەک چۆن سوپای پاسداران ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ڕابەری باڵاوە لە ئێران، حەشدیش ڕاستەوخۆیی دەبەسترێتەوە بە سەرۆک وەزیرانەوە لە عێراق، کە لە هەموو حاڵەتەکاندا دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی حەشدا نابێت و گوێبیستی لایەنی تر دەبن.
٢. فرە ناوەندی بڕیاردانی سەربازی: سوپای پاسداران لە ئێران دەسەڵاتی سەربەخۆی لە بواری سەربازی هەیە، بەهەمان شێوە حەشدی شەعبیش دەسەڵاتی سەربەخۆی دەبێت، بەو پێیەی لە دەرەوەی وەزارەتی بەرگری عێراقە.
٣. ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی – ئاینی: سوپای پاسداران بۆ پاراستنی شۆڕشی ئیسلامی و دەستکەوتە ئایدیۆلۆژییەکانی دامەزرا، هاوکات حەشدی شەعبی لە وەڵامی فەتوای "جیهادی کفائی"دا سەریهەڵدا و ڕەهەندێکی تائیفی شیعەی ڕوونی هەیە.
٤. دامەزراوە هاوتەریبەکان: لە ئێران دا سوپای پاسداران خاوەنی زانکۆ، دامەزراوەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنەکانە. پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبی ڕێگا دەدات بە دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی سەربازی تایبەت و فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی لە کەرتی ئەمنی، خزمەتگوزاری، دروستکردنی کۆمپانیا و بزنس.

## هەڵوێستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا

هەڵوێستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەبارەی پڕۆژەکە ڕوونە و دژی یاساکەن و پێیان وایە پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبی هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە و دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی ئێرانە، ئەمەشیان بەڕوونی بە بەرپرسە عێراقییەکان گەیاندوە، کە لە حاڵەتی تێپەڕاندنی یاساکە عێراق ڕووبەڕووی سزای ئابووری دەبێتەوە.

یەکێک لە کارتەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق (بێجگە لە فشاری سیاسی و دیپلۆماسی) سزای دارایی و ئابوورییە. ئەگەر بە پێچەوانەی ویستی ئەمریکاوە یاساکە تێپەڕێت، بێ دوودڵی ئیدارەی ترەمپ سزای دارایی دەخاتە سەر بانکی مەرکەزی عێراق و بانکە حکومی و بازرگانییەکانی تر و هەموو جۆرێک هاوکاری سەربازی، لۆجیستی و هەماهەنگی هەواڵگیری لەگەڵ عێراق ڕادەگرێت.
ئەگەر دۆخەکە تێکبچێت، دوور نییە ئەمریکا ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە لە میلیشیا شیعەکانی نزیک لە ئێران لە عێراق بدات.

هەروەها بەشێک لە سەرکردە و گروپە چەکدارەکانی حەشد دەخاتە لیستی تیرۆر و هەوڵدەدات لەڕووی نێودەوڵەتییەوە عێراق کەنارگیر بکات. دوور نییە ئەمریکا پارێزبەندی لەسەر پارەکانی عێراق لاببات، کە کێشەی گەورە بۆ توانای ئابووری عێراق دروست دەکەن و بەهای دینار زۆر دادەبەزێت.

[٣] بڕوانە جریدە وقائع العراقیە (قانون هیئە الحشد الشعبی) العدد(٤٤٢٩) ساڵی ٢٠١٦.
[٤] بڕوانە ڕەشنووسی پڕۆژەکە: نص قانون هيئة الحشد الشعبي الجديد، الغد برس، ٢٠٢٥/٣/٢٤.
https://alghadpress.com/86449-.html .

یاخود پارەی ئەو نەوتەی عێراق دەیفرۆشێت و لە بانکەکانی ئەمریکایە بلۆك بکرێن و ڕەوانەی عێراق نەکرێن. ئەگەری مەترسی دەرکردنی عێراق لە سیستمی سویفت واتە حەواڵەکردنی پارە لە نێوان بانکەکاندا کە زیاتر لە ١٠٠ دەوڵەت و ١١ هەزار بانك بەشدارن زیاد دەبێت، ئەگەر عێراق دەربکرێت ناتوانێت بانکەکانی پارە حەواڵە بکەن.

## چوارەم/ پێگەی سیاسی حەشدی شەعبی

لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەو هێزانەی حەشدی شەعبیان پێکهێناوە، پێشتر وەکو حزب و ڕێکخراوی سیاسی بوونیان هەبووە وەک ڕێکخراوی بەدر، حزبی دەعوەی ئیسلامی و ڕەوتی سەدر....هتد، بەڵام دروستکردنی هێزی چەکدار و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی لیواکانی حەشدی شەعبی هێز و قورسایی سیاسی بەو هێزانە بەخشیووە:

١. فراوانکردنی بنکەی جەماوەری لە ڕێگەی دامەزراندن لەناو حەشد و بڕینەوەی مووچە و کڕینی ئینتمایی خەڵك.
٢. بەهێزبوونی پێگەیان لەناو دامەزراوەکانی حکومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنە خوجێیەکانی عێراق و کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی حکومەت بەتایبەتیش لە دۆسییەی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا.
٣. دروستکردنی پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، گرێدان و بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییانە بۆ مەبەستی ناوخۆیی.
٤. تێوەگلان لە ململانێ ناوخۆی و سیاسییەکاندا کە بۆتە هۆی تێکچونی هاوسەنگی هێز و لاوازکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت.

ئەمانەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگەی سیاسی و جەماوەری حەشدی شەعبی و ئەو هێزە سیاسییانەی کە نوێنەرایەتیان دەکات بەهێز و جێگیر بێت.

لە هەڵبژارنی ساڵی ٢٠٢١ ئەو گروپانەی حەشدی شەعبی کە سەر بە ئێرانن و بە حەشدی وەلائی ناسراون ژمارەی کورسییەکانیان کەمیکرد لەچاو هەڵبژاردنی ٢٠١٨ ئەوەش بە مانای ئەوەی لەسەر ئاستی جەماوەر لە پاشەکشەدان بەڵام ئەو گروپانەی ناو حەشدی شەعبی کە وەلائیان بۆ ناوخۆی عێراق هەیە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی کورسییەکانیان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد لەکۆی ٣٢٩ کورسی ٧٣ کورسیان هێنا، ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گەشەکردنی ئەو گروپانەی سەر بە ئێران نین لە عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ، دەسەڵاتی سیاسی و هێزی بڕیاردان زیاتر بەرەویان سەندووە. بە پێچەوانەوە هێزەکانی سەر بە ئێران لەڕووی ژمارەی کورسی، دەسەڵاتی سیاسی و هێزی بڕیاردان پاشەکشەیان کردووە.

## پێنجەم/ سەقامگیری و ئاسایش

ئەگەر لەلایەکەوە حەشدی شەعبی هۆکارێک بێت بۆ تێکشکاندنی داعش و پاراستنی یەکپارچەیی و سەقامگیری عێراق، ئەوا لەلایەکی ترەوە بەردەوامبوون و بەهێزبوونیان هەڕەشەیەکی جدییە لە ئاسایش و ئارامی نەک تەنها لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەڵکو لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش.

تێوەگلانی حەشدی شەعبی لە ململانێ هەرێمییەکانەوە عێراق بەرەو ئاژاوە و شەڕ دەبات. بەشێک لە گروپەکانی حەشد وەکو (نوجەبا، حزبوڵای عێراق، سەید شوهەدا و مقاوەمەی ئیسلامی ...هتد) خۆیان بە بەشێک لە بەرەی مقاوەمە دەزانن و پەیوەستن بە ئێرانەوە و بەشداربوون لە هێرشکردنە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق و پاشانیش هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. بەشداری ئەم گروپانە لەم هێرشانەدا زۆری نەمابوو عێراق پەلکێشی جەنگ و ناسەقامگیری بکات، بەتایبەتیش لە جەنگی ئێران و ئیسرائیل دا، ئەگەر پاشەکشەیان نەکردایە.

چەکدارانی حەشدی شەعبی بوونەتە ئامرازی یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان، باشترین نموونەش بۆ ئەمە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی تشرینە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢١ کە سەدان خۆپیشاندەر بوونە قوربانی.

هەروەک چۆن، بەشێک لە گروپەکانی حەشدی شەعبی تۆمەتبار دەکرێن بە تێوەگلان لە جەنگی تائیفی و ئەنجامدانی پاکتاوی ڕەگەزی دژی پێکهاتەکانی تری عێراق، بەتایبەتیش دژی سوننە و لەمیانی شەڕی داعشدا بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ناوچە سوننە نشینەکان لەلایەن گروپەکانی حەشدی شەعبی ڕووبەڕووی پێشێلکاری بوونەتەوە، کە هەندێکیان دەچنە چوارچێوەی تاوانی جەنگ.

بەهۆی ئەوەی ئەم گروپانە ناکۆکی قووڵیان هەیە لە نێوانیان بۆیە ئەگەری پێکدادانیان هەموو کات لە ئارادایە و چەندین جاریش ئەمە ڕوویداوە لە بەغدا و ناوچەکانی تر کە بوونە هۆی پشێوی، نائارامی و ئاسایشی ناوچەکەیان تێکداوە. مەترسی ئەم گروپانە ئەوەیە وەلائیان بۆ مەرجەعەکانیان لە ناوخۆ و دەرەوە هەیە هەرکاتێك فەرمانیان پێبکەن جووڵە و هێرش دەکەن، واتە لە ژێر فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان نین و بەپێی فەرمانی وەزارەتی بەرگری جووڵە ناکەن، هەربۆیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە هەرکاتێکدا بێت کێشە و ئاژاوە بنێنەوە کە فەرمانیان پێ بکرێت تەنانەت ماڵی سەرۆك وەزیرانی پێشووتریان کردە ئامانج کە مستەفا کازمی بوو.

## شەشەم/ ئابووری حەشدی شەعبی

لەڕووی ئابوورییەوە حەشدی شەعبی بودجەیەکی گەورەی بۆ مووچە و وەبەرهێنان بۆ تەرخان کراوە. بەپێی خشتەی بودجەی ساڵی (٢٠٢٥) مووچەی تەرخان کراو بۆ هێزەکانیان (٣ ترلیۆن و ٧٧٠ ملیار) دینارە و بۆ بودجەی وەبەرهێنان و کڕینی چەک بڕی (٥٧٣ ملیار ٦٦٦ ملیۆن) دیناری بۆ تەرخان کراوە[٥].

بەدەر لەم بودجە فەرمییە، گروپەکانی حەشدی شەعبی ژمارەیەک دەروازەی سنووری فەرمی و نافەرمیان کۆنترۆڵ کردوە و داهاتەکەی بۆخۆیان بەکاردەهێنن. بۆ نموونە گروپەکانی سەرایا ئەلسەلام، کەتائیبی حیزبوڵا، ڕێکخراوی بەدر و عەسائیب ئەهلی حەق شەش دەروازەی سنووری بەسرە، دوو دەروازەی واست، دوو گومرگی بەغدا، دیالە و نەینەوایان کۆنترۆڵکردوە.

کێڵگە نەوتییەکان بەدەرنین لەم داگیرکارییانە، ڕێکخراوی بەدر کێڵگە نەوتییەکانی تەلعەفەر، تەل کەیف و مەخموریان بەدەستە و حزبوڵاش ناوچەی نەفتخانە لە دیالە کۆنترۆڵ دەکات. هەروەها هێزەکانی حەشدی شەعبی لە هەموو کێڵگە نەوتییەکان وەکو حزەر،گەیارە، سەعدیە، عەلاس و عەجیل بڵاوبوونەتەوە.

[٥] بڕوانە: من الفصائل إلى الألوية.. الحشد الشعبي واستراتيجيات القيادة والتنظيم، هەمان سەرچاوە.

## حەوتەم/ کاریگەری حەشدی شەعبی لەسەر هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە لەسەرەتای دروست بوونی حەشدی شەعبی هاوکار و هاوسەنگەر بوون لەشەڕی دژی داعش، بەڵام هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی مەترسییەکانی داعش و لە دوای ڕیفراندۆم لە ٢٠١٧ ئەم هێزانە دژی کورد جووڵێندران و بوونە هەڕەشەی جدی بۆسەر هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی هەڕەشەکان بریتین لە:

١. تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هێرشی مووشەکی و درۆن بۆ سەر قووڵایی خاکی هەرێم، بەتایبەتیش هەرکاتێک پەیوەندی نێوان بەغدا و هەرێم گرژ و ئاڵۆزبێت ئەم هێزانە پەنادەبەنە بەر ئەم هێرشانە وەک فشارێک بۆ سەر هەرێم.
٢. وابەستەیی بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی (وەلائی) بە ئەجێندای دەرەکی و جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتانە مەترسین لەسەر پێگەی سیاسی و دەستوری هەرێم لە عێراق.
٣. لێدان لە بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی هەرێم، وەک ئەو هێرشانە کە لە مانگی تەموزی ئەمساڵ و دوای تەواو بوونی جەنگی ئێران و ئیسرائیل ئەنجامدران و پەلاماری هێزە ئەمنییەکان، فڕۆکەخانە و کێڵگە نەوتییەکانی (خۆرمەڵە، کۆرمۆر، سەرسنگ، ئەتروش، بای حەسەن، پیشخابور، تاوکێ و هەنت ئۆیڵ) درا.
٤. کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکان و دەست بەسەرداگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و دەرکردنی بەرپرسە ئیدارییە کوردەکان، هەوڵێکی جدیی هێزەکانی حەشدی شەعبین بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا و واقعی ئەو ناوچانە، کە هیچی کەمتر نییە لە هەوڵەکانی ڕژێمی پێشوو بۆ تەعریب کردن.
٥. حەشدی شەعبی وەک هێزێکی مەزهەبی کاردەکەن بۆ هەژموون و باڵادەستی شیعە و بەهێزکردنی حکومەتی ناوەند، ئەمەش دژی فیدراڵی و بنەماکانی شەراکەت، تەوافوق و هاوسەنگییە کە عێراقی نوێ لەسەری بنیادنرا.

## دەرئەنجام

١. ڕۆژ دوای ڕۆژ، ڕۆڵ و پێگەی سەربازی، سیاسی و ئابووری حەشدی شەعبی زیاد و بەهێز دەبێت، ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی دەوڵەت، ژیانی مەدەنی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی عێراق.

٢. حەشدی شەعبی لە بەرگێکی مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیدا دروستکراوە، کە هەڵهێنجان و زادەی بیری فقهی شیعەن و وەک ئامرازێک دەبینرێت بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتی سیاسی شیعە و پاراستنی پیرۆزییەکانیان، بۆیە بەشێک لە شیعە ئامادە نین دەستبەرداری بن یاخود هەڵیبوەشێننەوە سەرەڕای فشارە دەرەکییەکان.

٣. تێپەڕاندنی یاسای حەشدی شەعبی بەم شێوەیەی ئێستا، دەبێتە هۆی دروستکردنی دامەزراوەیەکی سەربازی بەهێزی هاوتەریب بە سوپای عێراق کە بڕیار لە دامەزراوە فەرمییەکان وەرناگرێت، ئەمەش بە مانای دروستکردنی (دەوڵەتە لەناو دەوڵەتدا).

٤. هەندێک لەگروپەکانی حەشدی شەعبی خۆیان بە بەشێک لە بەرەی مقاومە و پشتیوانی ئێران دەزانن، کە بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی عێراق و ناوچەکە.

٥. کۆنترۆڵکردنی بەشێکی گرنگی دەروازە سنوورییەکان، گومرگ و کێڵگە نەوتییەکان لەلایەن حەشدی شەعبییەوە، لەلایەکەوە بۆتە سەرچاوەی سەرەکی پارە پەیداکردن و خۆدەوڵەمەندکردن و نفوز، لەلایەکی تریشەوە بۆتە مایەی لاوازکردنی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت و زیان گەیاندن بە بودجەی گشتی.

٦. ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دژی پڕۆژە یاسای حەشدی شەعبین و ئەگەر یاساکە تێپەڕێت، دوور نییە عێراق ڕووبەڕووی سزای ئابووری ببێتەوە.

٧. حەشدی شەعبی هەڕەشەی ڕاستەقینەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەلایەکەوە لەڕووی جوگرافییەوە هاوسنوورن لەگەڵ هەرێم و بەشێکی ناوچە جێناکۆکەکانیان کۆنترۆڵکردوە و هێرش دەکەنە سەر پێگە گرنگەکانی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە نایانەوێت سیستمێکی فیدراڵی بەهێز لە عێراق دا هەبێت.

١. پێویستە هەرێمی کوردستان زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ دۆسێی حەشدی شەعبی بکات، چونکە پرسێکی هەستیارە و دژایەتی کردنی ئاشکرای یان هەر هەڵوێستێکی هەڵەشە دەبێتە هۆی کێشە، ئاژاوە و رۆحی تۆڵەکردنەوە.

٢. دەبێت هەڵوێستی کورد لەم بارەیەوە یەکبخرێت و هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی یەکگرتووی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حەشدی شەعبی.

٣. پێویستە هەرێم بۆ هەر رێکەوتنێک لەسەر حەشدی شەعبی مەرجی هەبێت و ببەسترێتەوە بە داواکارییە دەستوری و نەتەوەییەکانی هەرێم، وەک بەشە بودجە، مادەی ١٤٠ و ئەنجوومەنی ئیتیحادی.

٤. هەماهەنگی کردن لەگەڵ سوننە، بەشێک لە شیعە و لایەنەکانی تر بۆ هەموارکردنی یاسای حەشدی شەعبی.

٥. هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا بۆ فشار خستنە سەر شیعە لەپێناو هەموارکردنەوەی پڕۆژە یاساکە یاخود دواخستنی.

٦. پێویستە هەرێم داوابکات و سوور بێت لەسەر چۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکان لەلایەن حەشدی شەعبییەوە و سزادانی هەموو ئەوانەی تێوەگلاون لە هێرشکردنە سەر هەرێم.

٧. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی گەڕانەوەی پێشمەرگە بدات بۆ ناوچە جێناکۆکەکان چونکە بەگەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە ئەو بۆشاییە ئەمنییەی دروستبووە تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ دەکرێت و هاوڵاتیانی ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەت کورد هەست بە ئارامی دەکەن و ئەو ناوچانە چۆڵ ناکەن.

٨. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدات هێزەکانی پێشمەرگە یەکبخرێنەوە و پڕچەك بکرێن بە چەکی پێشکەوتوو، تاکو لەهەر ئەگەرێکی نەخوازراودا توانای وەڵامدانەوەی هێرش و پەلامارەکانی گروپەکانی حەشدی شەعبیان هەبێت، هەروەها داوای هاوکاری لۆجستی زیاتر بکەن لە وڵاتانی خۆرئاوا، بەتایبەت لە ئێستادا بوونی سیستمی دژە مووشەکی بۆ هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە بۆ تێکشکاندنی ئەو مووشەکانەی ئاڕاستەی هەرێم دەکرێن.

٩. حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو مەترسی و پێشێلکاریانە ئاگاداربکەنەوە، کە گروپەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامی دەدەن بە ڕاپۆرت، بەڵگە و داتا ئاڕاستەی نوێنەرایەتی وڵاتانی بکەن لە هەرێمی کوردستان و عێراق، تاکو گووشار لەسەر گروپەکانی حەشدی شەعبی دروستبێت و چیتر نەبنە هەڕەشە بۆسەر سەقامگیری عێراق.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq